حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٧٧) لە ٢٠٢٢/١٠/١٢

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (٨) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە پێشنیاری وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە هەردوو نووسراویان ژمارە (٨٧) و (٨٨) لە ٢٠٢٢/٦/١٣، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٤) لە ٢٠٢٢/١٠/١٢، و بە ڕەچاوکردنی barودۆخی تایبەتیی کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و ئەنفالکراوان و بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پەسەندکردنی پێشنیاری وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە هەردوو نووسراوی ئاماژەپێدراویان لە سەرەوە تایبەت بە لێخۆشبوون لە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی بۆ گەڕاندنەوەی ئەو منحانەی وەریانگرتووە لە دوای بەرکاربوونی یاسای چاکسازی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢.

٢. ڕاسپاردنی وەزارەتی دارایی و ئابووری بە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە و بەدەرکردنی هاتوو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە لە ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢١.

٢. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**